# پەیوەندی بنەماڵەی خادم السجادە لەگەڵ هەریەک لە مەولانا خالید و نالی و حاجیدا

**پ. د. عوسمان دەشتی**

لە بڕێک لە زانستەکاندا لە وێنەی مەنتیق و فەلسەفە و مێژوو تەنانەت جەبر و ئەندازیاریش، توێژە و باسکاری بابەتێکی تایبەت، لە سەرەتادا گریمانەیەک دەخاتە ڕوو، ئەنجا لە پاشان لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕاڤە و لێکدانەوەوە، بە پاڵپشتی سەنەد و بەڵگە و دەلیل، دەکەوێتە شەنوکەوی بابەتەکە تا دەگات بە هەمان سەردێر و گریمانە کە لە پێشەوەدا خستبوویە ڕوو. ئێمەش لێرەدا بە مەبەستی سەلماندنی بیر و بۆچوونەکان لە مەڕ ئەم بابەتەوە پێڕەوی لە هەمان ڕێچکە و ڕێبازی لێکۆڵینەوە دەکەین و هەر لە دەستپێکی دامەزراندنی پاسەکەدا گریمانەیەکی لەو جۆرە دەخەینە ڕوو کەوا پوختەکەی بەم جۆرەیە؛ لە ڕاستیدا مێژوو لە کۆن و تازەدا غەدری لەم بنەماڵەیە کردووە و وەکو پێویست ئاوڕی لێیان نەداوەتەوە و هەقی خۆی پێ نەداون! ئەنجا با بزانین چۆن.

## بنەماڵەی (خادم السجادة):

وەکو لە سەرچاوەکاندا هاتووە ئەم بنەماڵە بەڕێزە کەوا لە کۆنەوە وەسف و ناسناوی (خادم السجادە/ واتە خزمەتکاری بەرماڵی پێغەمبەر ـ د.خ ـ) یان خراوەتە پاڵ نەسەبیان ئەمەوییە و سەرچاوە و سەرچەلەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان، واتە حەزرەتی عوسمان کوڕی عەفان کە لە ساڵی (٦٥٦ز) لە دنیا دەرچووە و کۆچی دوایی کردووە، لە قۆناغی سەرەتایی بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەوە ڕوونکراوەتەوە کەوا پێغەمبەری مەزن (د.خ) و یارانی، لە دەستپێکی بانگ و بڵاوکردنەوەی ئایینی تازەدا لە شاری مەککە، ڕووبەڕووی دژایەتی و بەربەرەکانێ و زولم و چەوسانەوە بوونەتەوە. بۆیە بەمەبەستی دەربازبوون لەو تەنگەژەیە حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ) فەرمان بە یاوەرانی دەکات کەوا کۆچ بکەن و ڕووبکەنە وڵاتی حەبەشە بەو پێیەی فەرمانڕەواکەی کەسێکی خواناس و خەڵکەکەیشی لەسەر ئایینی مەسیحی بوون، حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەفان یەکێک بووە لەو دەستەیەی موسوڵمانانی بەڕایی کەوا کۆچیان کردووە بۆ حەبەشە. لەدوای ماوەیەک مانەوە لەو وڵاتە دەگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان بۆ شاری مەککە، بەڵام دیسان دووچاری هەمان تەنگژە و

بەرهەڵستی و ئازاردان دەبنەوە. بۆیە لەسەر فەرمانی پێغەمبەر (د.خ) دووبارە حەزرەتی عوسمان و هاوڕێکانی کۆچ دەکەنەوە و ڕێگای حەبەشە دەگرنەوەبەر. ئەم سەفەرە لە حەبەشە دەمێننەوە تا ئەوەی پێغەمبەری مەزن (د.خ) خۆیشی لەگەڵ یاران و موسڵمانانی مەککە کۆچ دەکەن بۆ شاری مەدینە. ئەوسا لە حەزرەتی عوسمان و هاوڕێکانی دەگێڕنەوە کەوا ئەوانیش ڕووبکەنە شاری مەدینە و پەیوەندی بە پێغەمبەر (د.خ) و یارانییەوە بکەن، دوای ئەوەی کۆڕی موسلمانان لە هەواری تازەیاندا دادەمەزرێن، لێرەوە حەزرەتی عوسمان و هاوڕێکانی دەگەڕێنەوە و ڕوو دەکەنە شاری مەدینە، کاتێک پێغەمبەری مەزن (د.خ) لە گەیشتن و گەڕانەوەی ئەم دەستەیە لە موسولمانان کەوا حەزرەتی عوسمان سەرقافڵەیانە، ئاگادار دەکرێتەوە زۆرشاد و دڵخۆش دەبێت بەو هۆیەی:

- حەزرەتی عوسمان زاوای پێغەمبەر (د.خ) بووە، بۆیە گەڕانەوەی بەخۆی و بە خێزانییەوە بۆ لای پێغەمبەر (د.خ) و پەیوەندی کردنیان بە موسولمانانەوە دەبێتە مایەی شادی و خۆشحاڵی لەلای هەمووان.

- حەزرەتی عوسمان خۆی کەسایەتییەکی بەرجەستە و خاوەنی هێز و توانا و وەفادار بە پێغەمبەر و (د.خ) بە موسولمانان بووە.

- خاوەنی نفووز و دەسەلات و خزم و خێڵ و عەشیرەتێکی گەورە بووە.

کە ئەمانە هەموویان لەکۆدا لە خزمەت گەشەسەندنی ئایینی تازە و پتەوبوونی ڕیزەکانی موسولماناندا بووە. (مدرس، ١٩٨٤، ٦٠٤).

ئەنجا لەو سەروبەندەی کەوا حەزرەتی عوسمان دەچێت بۆ خزمەت و بۆ دەیدەنی پێغەمبەر (د.خ)، پێغەمبەری مەزن ئەو بەرماڵەی کەوا ڕۆژانی هەینی و ناوجەژنان نوێژی لەسەر دەکات، وەکو خەلات پێشکەش بە حەزرەتی عوسمان دەکات و دەڵێت: هەر پێغەمبەرێک هاورێیەکی هەیە، هاوڕێی منیش لە بەهەشتدا عوسمانە. کە حەزرەتی عوسمان دیارییەکە وەردەگرێت، وەکو خەلاتێکی موفەڕەک و پیرۆز دەیخاتە سەر سەر و سەرچاو و بۆن و بەرامەکەی هەڵدەمژێت. دوای ئەوە حەزرەتی عوسمان لە کاتی نوێژکردندا بەرماڵێکی دیکەی لە شوێنی پێ دانانان لەسەر ڕادەخست و پێی خۆی لەسەر بەرماڵەکە دانەدەنا. بەمجۆرە بەرماڵەکە لای حەزرەتی عوسمان دەمێنێتەوە، تاوەکو لە ساڵی (٣٥ک/ ٦٥٦ز) دەکوژرێت و شەهید دەکرێت. (خادم السجادة، ١٩٣٧، ٤).

لەدوای حەزرەتی عوسمانەوە بەرماڵەکە دەکەوێتە لای (ئەبان) کوڕی، کەوا پیاوێکی گەورە و زانایەکی مەزنی سەردەمی خۆی بووە، هەروەها بۆ ماوەی دە ساڵیش والی شاری مەدینە بووە.

ئەبان لەبەر پیرۆزی نوێژی لەسەر بەرماڵەکە نەکردووە، بەرگێکی تێگرتووە و هەمیشە لەسەر کورسییەک دایناوە. ئەنجا دوا بە دوای کۆچی داویی ئەبان لە ساڵی (٨٦ک/ ٧٠٥ز) دا، ئەم بەرماڵە پشتاوپشت لە باوکەوە بۆ کوڕ دەستاودەست دەکات و دەگوازرێتەوە، بە درێژایی ڕۆژگار و مێژوو بۆ ماوەی نزیک بە چواردە سەدە تا دەگاتە ڕۆژی ئەمڕۆ.

دوا زانیاری لە ئێستادا ئەوەیە کەوا بەرماڵی گۆڕین لەگەڵ کۆمەڵێک لە نامە و بەڵگەنامە و دیکۆمێنتی مێژوویی سەبارەت بە ئەسڵ و ڕابردووی بەرماڵەکە و چۆنیەتی پاراستن و مانەوە و دەستاودەستکردنی لە (دار المخطوطات العراقية/ خانەی دەستخەتنامەی عیراقی) دا لە بەغدا پارێزراوە. ئەمە بە پێی محەمەد عەلی قەرەداغی، کەوا لە ساڵی (٢٠٠٣) دا لەو شوێنە بە خۆیان دیویانە و چاویان پێی کەوتووە. (القرداغي، ٢٠٠٧، ٦٥).

## لە ئەبانی کوڕی عوسمانەوە بۆ پیرمیکائیل:

خانەوادەیەکی ئایینی مەزن و پیرۆز لە نەوە و نەوەزاکانی ئەبانی کوڕی عوسمان، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (٦١٧ک/ ١٢٢٠ز)، لە چنگی کوشتار و قەتلوعامی عەباسییەکان ڕایان کردووە و پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، سەرەنجام لە ناوچەکانی (قەڵای جوانڕۆ) و بەتایبەت لە دێیەک بە ناوی (دەودان) نیشتەجێ بوون، کە لە ئێستادا سەر بە شارستانی (پاوە) یە.

کەسایەتییەکی هەرە گەورە و دیار و ناوداری ئەو بنەماڵەیە کە لە سەدەکانی دواتر دەرکەوتووە، کەسێکە بەناوی (پیرمیکائیلی دەودانی). ئەمزاتە زانایەکی مەزن و ڕابەرێکی بەرز و پیرۆزی ڕێگای ئایین و خواناسیی بووە، لە دێی دەودان ژیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. گۆڕەکەی تاوەکو ئەمڕۆ مەزار و جێگای نزرگەی خەڵکی ناوچەکەیە لە دەڤەری شارەزور و پاوە و جوانڕۆدا.

بە پێی بۆچوونی مامۆستای مودەڕیس، پیرمیکائیل هاوچەرخی  زانای ناوداری کورد (مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆڕی مەریوانی) بووە. کەوا لە بنەماڵەی (پیر خدری شاهۆیە) و لە ساڵی (٩٤٠ک/ ١٥٣٣ز) لە دایکبووە و لە ساڵی (١٦٠٥ز) لە دێی چۆڕدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو شوێنەش نێژراوە. (مدرس، ١٩٨٤، ٤٩٦).

زیاتر لەوەیش مامۆستای مودەڕیس دەڵێت کەوا مەلا ئەبوبەکری موسەنیف زاوای پیر میکائیلیش بووە. ئەویش کاتێک دوابەدوای تەواوکردنی دەورەی فێربوون و خوێندن لە کوردستان و شام و میسر و حیجاز گەڕاوەتەوە ناوچەکەی خۆی لە (قەڵای مەریوان)، ئەنجا (خاتوو جیهان) ی کچی پیر میکائیلی خواستووە. گۆیا مەلا ئەبوبەکر سێ کوڕی لەو ژنە بووە، مەلا عەبدولکەریم، مەلا یوسفجان و مەلا مەحموودجان. لەمانە مەلای یوسف جانی کوڕی ناوەنجی، دەچێتە ناوچەی (تاوگۆزی) و لەوێ نیشتەجێ دەبێت و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. ئەم مەلا یوسف جانە، باپیری شاعیری شەیدا و عاریفی ناماداری کورد سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی تاوگۆزییە/ (١٨٠٦-١٨٨٢ز). (١)

یەکەمین کەسیش کەوا سەرجەلەی دەستاودەستکردنی بەرماڵەکەی حەزرەتی پێغەمبەری مەزنی (د.خ)، بە پشتبەستن بە تەواوتر و سەرچاوە و بەڵگە و سەنەد سەلماندبێت، ئەم زانا مەزنەی کوردە کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بە (سەید هیدایە توڵڵای حوسەینی گۆڕانی کوردی مەریوانی) ناو دەبرێت.

دوایی ئەوە بە درێژایی ڕۆژگار نەوە و نەوەزاکانی پیرمیکائیل لەو ناوچەیەکەدا دەبن بە تایفەیەکی گەورە و لق و پەلیان لێدەبێتەوە. لەو سەردەمانەدا ناوچەکانی زەهاو و قەڵای جوانڕۆ و مەریوان تا دەگاتە قەڵای حەسەناوای نزیک سنە، بەشێک بوون لە (ڕەشە خاکی عیراق/ ارض سواد العراق) و سەر بە ولایەتی شارەزوور بوون کەوا مەڵبەندەکەی شاری کەرکوک و لە ژێر فەرمان و قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە.

شەڕ و پێکدادانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لەو ناوچەیە و، هێرش و پەلاماری ئێرانییەکان بە مەبەستی سەپاندنی دەسەلات و ئایینزای شیعە لەو دەڤەرە سنووریانەدا بە درێژایی سەدەکانی حەڤدە و هەژدەی زایینی، کارێکی وای کردووە بەشێک لە هۆز و خێڵ و تیرەکانی ئەو ناوچانە، بەتایبەتیش خیزان و بنەماڵە و تایفە ئایینییەکان، لە زێد و ناوچەکانی خۆیان هەڵبکەندرێن و بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوا کۆچ بکەن و بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی عوسمانی بێن، بەتایبەتیش ئەو ناوچانەی کەوا ڕاستەوخۆ لە ژێر حوکم و فەرمانڕەوایی بابانەکاندا بوون.

بەو هۆیەوە تایفەی پیرمیکائیلیش لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەدا، وەکو بەشێک لە خێڵی جافی جوانڕۆیی (تیرەی میکائیلی)، بەرەو ڕۆژئاوا کۆچ دەکەن. ئەم تیرەیە لەم کۆچ و ڕەوەدا لە ناوچەکەدا بڵاوەی لێ دەکەن و لە پاش ماوەیەک نیشتەجی دەبن، واتە لە جافی کۆچەرییەوە دەبن بە جافی بنەجێ. تایفەی جافی میکائیلی بەتایبەتیش (تیرەی

ئالی بەگی)، کەوا یەکێک لە چوار فیرقەکەی میکائیل پێکدەهێنن، لە ناوچەکانی کوردستانی باباندا نیشتەجێ دەبن (فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥، ١٢٧).

## جوگرافیای دابەشبوونی تیرەی ئالی بەگی لە دەڤەرەکدا بەم شێوەیە بووە:

١. بەشێکیان ڕوو دەکەنە قەرەداغ و لەوێ نیشتەجێ دەبن، (مەولانا خالیدی نەقشبەندیی شارەزووری / ١٧٧٩ ـ ١٨٢٧ز) لە مرۆڤە هەڵکەوتووەکانی ئەم لقەیانە.

٢. بەشێکی دیکەیان دەبنە دانیشتووی گوند و هەوارگەی ناوچەکانی دەشتی شارەزوور کەوا شاعیری پایە بەرز (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی میکائیلی/ نالی/ ١٧٩٧ ـ ١٨٧٧ز) کەسە دیار و ناودارەکەی ئەم لقەیانە.

٣. بەرەباب و بنەماڵەی خادم السجادە، کە لە سەر داوا و بە فەرمانی یەکێک لە میرەکانی بابان دێن و لە شاری کۆیە نیشتەجێ دەبن، کەسی دیار و ناوداری ئەم بنەماڵەیە لە ڕۆژگاری کۆندا، (مەلا سەعدی خادم السجادەی کۆییە/ ١٧٣٧ ـ ١٨٧٥ز). وەکو دیارە بەرماڵە پیرۆزەکەی پێغەمبەر (د.خ) هەر لە ڕۆژگاری دێرینەوە کەوتۆتە لای ئەم بنەماڵەیەوە و خزمەتکردنیشی لە ئەستۆی ئەواندا بووە. بۆیە ناسناوی خانەوادەکەشیان؛ (خادم السجادة النبوية)، هەر لەوەوە هاتووە.

٤. بەشێکی دیکە لە تایفەی جافی میکائیلی لە ناوچەی سەنگاو نیشتەجێ بوون، بەڵام لە سەرچاوەکاندا کەسێکی ناودار و هەڵکەوتەیان لێ نەناسراوە.

## بەدواداچوونی بنەماڵەکان:

١. ئەو زانیارییانەی کەوا سەبارەت بە مەولانا خالید و ڕەچەڵەک و ڕشتەی بنەماڵەکەی لەبەر دەستن زۆر نین، لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەوا مەولانا ناوی خالیدە و کوڕی حوسەینە و لە تیرەی جافی میکائیلییە. دایکی ناوی فاتیمەیە و لە ساداتی پیر خدرییە.

میکائیلی وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆکراو، لە نەتەوەی پیر میکائیلن، کە مەشهوورە بە (پیر میکائیلی شەش ئەنگوست). مەولانا لە ساڵی (١٧٧٩ز) لە دیمەشقی شام کۆچی دوایی کردووە. (مدرس، ١٩٧٩، ٧).

ڕەچەڵەکی مەولانا لە لایەنی دایکییەوە لەگەڵ مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆری یەک دەگرێتەوە کەوا لە نەوە و ڕەچەڵەکی پیرخدری شاهۆن. سەبارەت بە پێوەندی خزمایەتی لە نێوان حەزرەتی نالی و حەزرەتی مەولانادا، ئەوە هیچ شک و گومانێکی تێدانییە، هەر دوولایان سەر بە هەمان خێڵ و هەمان تایفە و تەنانەت هەمان تیرەشن. بنەماڵەی هەر دوولایان لە تیرەی ئالی بەگین، لە تایفەی میکائیلی هۆزی جاف (فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥، ١٢٧). لێرەدا چەند بەڵگە بۆ ئەو مەسەلەیە دێنینەوە، کەوا تیشک دەخەنە سەر پەیوەندی و میانەی ئەم دوو زاتە لەگەڵ یەکتری:

١ـ مەلا ڕەئووفی خادم السجادە لەو پارچە شیعرەیدا کە باس لە ڕەچەڵەکی خۆیی و بنەماڵەکەیاندا دەکات، (دواتر دەقەکەی دێنینەوە)، دەڵێ؛ نالی بنعامی مەلا سەعدی باپیرم بووە، مەولانا خالیدیش قەدەمێک دوورتر بوو لێمان. هەروەها دوا زانیاریش لەو بارەوە لە نووسینێکی (سینەم بەدرخان)دا هاتووە کە دەڵێ؛ مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەرلەوەی بچێتە هندستان علومی دینی لە مزگەوتی خادم سوجادە خوێندووە، لەلای عەللامە مەلا سەعدی خادم سەجادە کە باپیریان لەگەڵ یەک ئامۆزا بووە. (سەید برایم، ٢٠٢٣، ١١).

دیارە نالیش لە کۆیە و لەلای مەلا سەعدی زانا و خزم و لە دواییشدا خەزووری خوێندوویەتی و پەیوەندییەکی سێ لایەنە ئەم سێ زاتە: (مەلا سەعدی خادم السجادە لە لایەک و هەر یەک لە مەولانا و نالی لە لایێکی دیکەوە) بەیەکەوە کۆکردۆتەوە. لێرەدا بێ مەلامەت نییە کەوا حەزرەتی نالی لە سلێمانی ئەو بنکە و بارەگایەی کەوا تیادا ماوەتەوە و ئۆقرەی گرتووە و کۆڕ و مەجلیسی تیادا گرێ داوە و دەرس و دەور و گفتوگۆکانی تیادا بەڕێوە بردووە، حوجرەیەک بووە لە خانەقای مەولانای خزمی، وەک چۆن لە تاراوگەدا لە قەسیدە نامەکەیدا بۆ سالم و بۆ شاری سلێمانی، زۆر بە تاسە و پەرۆشەوە یادی دەکاتەوە.

٢ـ سەبارەت بە نالیش گوتراوە کەوا ناوی مەلا خدری کوڕی ئەحمەدی کوڕی شاوەیسە و لە تیرەی ئالی بەگیی میکائیلی جافە و لە ساڵی (١٧٩٧ز) وەکو سەجادی دەڵێت و (١٨٠٠ز) وەک لەسەرچاوەکانی تردا هاتووە، لە خاکوخۆڵی شارەزوور هاتۆتە دنیا و لە ڕێکەوتی (١٨٧٧/١١/٢٢ز) دا لە ئەستەمبۆڵ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیارییانەی کەوا لەم دوو سێ ساڵەدا خراونەتەڕوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا نالی بە ڕەچەڵەک زۆر لە بنەماڵەی خادم السجادەی کۆیەوە نزیک بووە، بە تایبەتیش زانا و ناوداری پایە بەرزی ئەو بنەماڵەیە مەلا سەعدی خادم السجادەی کۆیی (١٧٣٧ ـ ١٨٥٧ز)، کە لەگەڵ نالی (بن ئامۆزا یاخود ئامۆزازا)ی یەکتر بوون. ناڵیش وەکو مەولانا خالید لە کۆیەو لەلای مەلا سەعدی خوێندوویەتی، بەڵام

بەهۆیەوە کە جیاوازی تەمەن لە نێوانیاندا زیاتر لە بیست ساڵ دەبێت، باوەڕ ناکرێت بە یەکەوە لەیەک قۆناغی خوێندندا بووبن.

٣. مەلا سەعد خادم السجادە: (بە مەلا سەعدی و مەلا سەعدەدین)یش ناوی هاتووە. لە ساڵی (١١٥٠ک/ ١٧٣٧ز) لە شاری کۆیە لە دایکبووە. لە دوای ئەوە خویندن تەواودەکات، دەبێتە مەلا و زانایەکی مەزن و بلیمەت، ئەوەندەی کتێب و دانراو هەبوون، کە وەختێک لەسەریەکی هەڵچنیون و خۆیشی لە پاڵیاندا وەستاوە، کتێب و دانراوەکانی بە قەدەر باڵای خۆی بەرز بۆتەوە (مدرس، ١٩٨٤، ٦٠٧). هێشتا خۆی لە ژیاندا بووە کەوا زانایانی بەغدا زۆر پێ سەرسام بوون و گەلێک پەسن و تەقریزەیان لەسەر کتێب و دانراوەکانی ئەم زاتە نووسیوە و زۆر بە گرینگی باسیان لە ڕادەی عیلم و زانیاری ئەو کردووە. بەشێک لە کتێب و دانراوەکانی کەوتوونەتە لای مامۆستای مودەریس و لە کتێبخانە و ئەرشیفی ئەودا بوون. زۆر بە گرینگی باس لە هەندێک لەو کتێب و دانراوانەی مەلا سەعدی دەکات کەوا پایە و توانا و دەسەڵاتی زانستی ئەم زاتە نیشان دەدەن (موفتی، ٢٠٢١، ١٣٤). ئەنجا هەر نووسەر لەو سەرچاوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆکراوە، شایەدییەکی زانای پایەبەرز (شێخ محەمەدی خاڵ)مان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: مەلا سەعد زانایەکی بەناوبانگ و عالمێکی هەرە بەرز و شارەزابووە، لە بوارەکانی تێگەیاندن و پەروەردەکردن و دەرس گوتنەوەی زانستە ئیسلامییەکاندا زۆر عالیم و فەقیهی پایە بەرزی پێگەیاندووە، زانایانی خاوەن فەزل لە سنە و شنۆ و مەریوان و سلێمانی و هەولێر و هەتا موسل و بەغداش لەلای ئەو عەللامە گەورەیە لە هەموو بوارەکانیان خوێندووە، وەکو تەفسیر و ئەدەب و مێژوو و نەحو و صەرف و بەلاغە و کەلام و مەنتیق و حیکمەت و کیمیا و ڕیازیات و فەلەکناسی و زانستەکانی تەصەووف. نزیکەی سەدویازدە ساڵ ژیاوە، ئەو تەمەنەی هەمووی بە عیلم و بە زوهد خەریک بووە. عیلمی ئەی و ناوی ئەو لەو سەردەمەدا هێندە رۆیشتبوو لە هەموو لایەک زانایەکان ڕوویان لە کۆیە بووە و ناوی کۆیەی گەیاندبووە عالەمی عەرەب و حیجاز و میسر و هیند و ئێران و تورکیا و شام. (موفتی، ٢٠٢١، ١٢٩). (٢)


## مەلا سەعدی خادم السجادە و نالی و مەولانا خزمایەتی؛ پەیوەندی سێ لایەنە:

کۆمەڵێک باس و بەڵگە و سەرچاوە لەبەر دەستدان کە ئاماژە بۆ پەیوەندی و خزمایەتی لە نێوان ناڵی و مەولانا لە لایەک و پەیوەندی خزمایەتی و نزیکی ئەوان و مەلا سەعد خادم السجادە دەکەن.  جیا لەوەی کە هەردووکیان فەقێی و خوێندکاری مەلا سەعدی بوون و لە مزگەوتی خادم السجادە لە کۆیە خوێندوویانە. شێخی خاڵ لە درێژەی قسەکانیدا تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی ئەو مەسەلەیە و دەڵێ: حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی یەکێک بووە لە

قوتابی و شاگردەکانی مەلا سەعد، جگەلەوە خزمایەتییەکی نزیکیشیان هەبووە و بەچەند پشتێک دەگەیشتنەوە یەک و لەیەک تیرەبوون. هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا پەردە لەسەر ڕاستییەکی دیکەش لادەدات و دەڵێت: مەلا خدری شاعیر و خواناس ئەویشیان فەقێی مەلا سەعد بووە، جگەلەوەش بەرلەوەی بۆ حیجاز بڕوات (خاتوو زەینەب)ی کچی خۆشی داوەتێ. هۆکارەکەشی وەکو شێخی خاڵ بۆی چووە، یەکیان ئەوەیە کە نالی هەم خزم و هەم خوێندکاری مەلا سەعد بووە، دوایی ئەوەش نالی کەسێکی گوێ ڕایەڵ و گوێ بە فەرمانی مەلا سەعد بووە.

مامۆستای مودەریسیش لەو بارەیەوە بە دوو سێ ڕستە مەسەلەکان دەبڕێنێتەوە و دەڵێ؛ هەردوو پایەدار مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلا خدری نالی شاعیر لەلای ئەم ئەم بەڕێزەیان خوێندووە. جگە لەوەش هەردووکیان خزمی مەلا سەعد بوون و لە یەک ڕشتەن، دواتریش لەیەک تیرە و لە نەوەی پیرمیکائیلن. (موفتی، ٢٠٢١، ١٣٥). (٣)

لێرەدا بە پشت بەستن بە ڕشتە و سەرجەلەکان و سەرچاوە و ژێدەرەکان، دەتوانین شوێن پێی نەوەکان پشتاوپشت بەم شێوەیە هەڵبگرین:




به نزیکی له نێوان ساڵانی (١٥٠٠ بۆ ١٦٠٠ز)دا ژیاوە.


## گەڕانەوە بۆ بنەماڵەی خادم السجادە لە کۆیە:

ئەو بەرماڵە پیرۆزەی پێغەمبەری مەزن (د.خ) تاوەکو چارەگی کۆتایی سەدەی هەژدە لە کۆیە و لەلای بنەماڵەی خادم السجادە ماوەتەوە. جارێکیان لە سەردەمی ژیانی مەلا سەعد دا و بە فەرمانی سوڵتان عەبدولمەجید (١٨٢٣ تا ١٨٦١ز حوکمڕانی کردووە) بەرماڵەکە براوەتە ئەستەمبۆڵ و لە دواتردا بە هەوڵ و تەقەلای مەلا سەعد گەڕێندراوەتەوە. لەسەردەمی حاجی ئەمینە فەندی کوڕەزای مەلا سەعد دا لە کەرکوک (١٨٤٥-١٩١٣ز) بۆ جاری دووەم بە فەرمانی

سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٧٦ بۆ ١٩١٨ز حوکمڕانی کردووە)، بەرماڵەکە دەبرێتەوە بۆ ئەستەمبۆل، بەڵام دووبارە دەگەڕێنرێتەوە بۆ کەرکوک و ئەم سەفەرەیان بە فەرمانی سوڵتان، نزرگە و مەزارێکیشی بۆ دروست دەکرێت لە پاڵ مزگەوتێکدا لە گەڕەکی (بلاغ)ی شاری کەرکوک، هەروەها مووچە و بەراتێکیش بۆ بەڕێوەبردنی مەزارەکە تەرخان دەکرێت (جاف، ٢٠٢٣، ١٢٨).

دوور نییە مەسەلەی پەرت بوونی بنەماڵەی خادم السجادە و گوێزانەوەی بەشێکی ئەو بنەماڵەیە بۆ کەرکوک و جێگیربوونیان لەوێ، لەدوای کۆچی دوایی مەلا سەعددا، پەیوەندی بەو کێشە و گرفتانەوە بووبێت، کە لە نێوان دەسەڵاتداران لە بەغدا و لە ئەستەمبول و مەلا سەعد و کوڕەکانییەوە دروست بووبیت، ئەویش هەر لە پای ئەو بەرماڵە پیرۆزەوە بووە کە دەسەڵاتداران چاویان تێبڕیوە بیخەنە ژێر چنگ و دەسەڵاتی خۆیان تا لە ئاکامیشدا هەر وا دەرچوو. لێرەدا سەرجەڵەی بنەماڵەی خادم السجادە، لە مەلا سەعدەوە بۆ خوارەوە بەپێی بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی بەردەست دەخەینە ڕوو:

# مەلا سەعد خادم السجادە




## حاجی و بنەماڵەی خادم السجادە:

مەلا سەعدی خادم السجادە دوو ژنی هەبووە، ژنە گەورەکەی تەنیا کچێکی دەبێت بە ناوی (زەینەب) و، وەکو لە بەراییدا هاتۆتە باسکردن، زەینەب خان شوو بە حەزرەتی نالی دەکات و دەبێت بە هاوڕێی سەفەریشی بۆ وڵاتی حیجاز. ژنی دووەم و بچوکەکەی مەلا سەعد، خوشکی (فاتێ ـ فاتیمە)ی دایکی حاجی قادر بووە. واتە مەلا سەعدی خادم السجادە و مەلا ئەحمەدی باوکی حاجی قادر (ئاوەڵزاوا ـ هەڤلنگ)بوون. یاخود بە دەربڕینێکی دیکە مەلا سەعد مێردی پووری حاجی قادر بووە. دیارە کە حاجی هاتۆتە کۆیە حەتمەن لە مزگەوتی خادم السجادە و لەلای مەلا سەعد خوێندوویەتی. کەواتە ئەم سێ کوچکەیە (مەولانا ـ نالی ـ حاجی) هەم شاگرد و فەقێی مەلا سەعد بوون و هەم پەیوەستی خزمایەتی لە نێوانیاندا هەبووە. بەڵام ئایا ئەم سێ کوچکەی زەمان و ڕۆژگارە، ئەم سێ کەڵە مرۆڤە شاعیر و زانا و ناودارە، ئەم سێ ئەستێرە پڕشنگدارەی ئاسمانی ئەدەب و ئایین و زانست لە کوردستانا، دەشێ لە یەک کات و سەردەمدا لە دەوری کوانووی زانستی خادم السجادە دا لە کۆیە و کۆوە بووبن و چۆکیان دادابێتەوە بۆ پەروەردە و فێربوون؟

ڕەنگە بەهۆی فەرق و جیاوازی تەمەن و بارودۆخی ڕۆژگار هەر یەکەیان لە کات و سەردەمێکدا لە کۆیە بووبن و درێژەیان بە خوێندن و فەقێیەتی دابێت. بەڵام ئەگەری کۆبوونەوە و هامشۆ و هەڵسوکەوتیان لە تەک یەکتر، وەکو سێ خزم و سێ هاوڕێ خوێندکاری ماڵی خادم السجادە و سێ کەسایەتی دیار و بەرجەستەی ئەو سەردەمە ڕێگا لە بەردەم ئاشنایەتی و دۆستایەتی ئەم زاتانە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گردەبڕ ئەمە نازاندرێت، بەڵام ڕوونە حاجی هەمیشە پێیەکی لە سلێمانی بووە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی شاعیراندا کەسایەتییەکی بەرجەستە و ناسراو بووە. وەکو چۆن بۆچوونی واش هەیە دەڵێ حاجی و نالی لە ئەستەمبۆل یەکیان گرتۆتەوە و یەکتریان بینیوە. (حەسەن، ٢٠١٢، ١٥٥) بەڵام لە بارەی مەولاناوە دەنگوباسێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە.

ئەنجا هەر لەو درێژەی ئەو پەیوەندی خزمایەتییەی لە نێوان حاجی و مەلا سەعدی خادم السجادە دا هەبووە، مەلا ڕەئووفە فەندی کوڕی مەلا مەحمودە فەندی، کە دەکاتە نەوەی مەلا سەعد، (زەهوە خان)ی کچی (خورشید ئەفەندی/ ١٨٥٩ ـ ؟) خواستووە، ئەم خورشیدە فەندییەش کوڕی محەمەد سەعیدە فەندی و ئامۆزای حاجی قادریش بووە. کەوابێ خزمایەتی حاجی لەگەڵ بنەماڵەی خادم السجادە لە دوو سەرەوە بووە، ئەگەرچی لە ڕێگەی ژن و ژنخوازیشەوە بووبێت. لەم نەخشەیەشدا ئەم مەسەلەیە ڕوون کراوەتەوە:




لەمەڕ پەیوەندی خزمایەتی نێوان حاجی و ماڵی خادەم السجادە دوو بەڵگەی مێژوویی بەردەستن، یەکەمیان ئەوەیە (دڵدار) لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی و دەڵێ؛ ((من ناوم یونس ڕەئووفە کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی مەلا سەعدیم لە بنەماڵەی خادم السجادەین، ... دایکم ناوی زەهوەی کچی خورشیدە فەندییە، فامیلیای دایکم عالم زادەن لە زەهاوەوە هاتوونەتە قەراغ زێی کۆیە و ئیسکانیان کردووە تا حاجی قادری کۆیی مەشهوور لەم فامیلیایەیە)) (عەلائەددین، ٢٠١٩، ٢٩).

بەڵگەی دووەمیش دیدارێکە لەگەڵ هونەرمەندی گەورە (تاهیر تۆفیق) کەوا لە گۆڤاری (کەکۆن)دا بڵاوکراوەتەوە. مامۆستا تاهیر باس لە ڕۆژگاری سەرەتای خوێندن و فەقێیەتی خۆی دەکات و دەڵێت: ((لە مەرحەلەی فەقێیەتیم لە سێ شوێنم خوێندووە: (مزگەوتی گەورە، مزگەوتی خادم السجادە، مزگەوتی مەلای ڕەش)، لە مزگەوتی مەلای ڕەش سیپارە (ئەلف و

بیٛ)م خوێند، له مزگەوتی گەورەش قورئانم خوێند و له مزگەوتی (خادم السجادە)ش (گوڵستان و بۆستان)و هەندێکم (حافزی شیرازی) خوێندووه لەگەڵ نالی و حاجی قادر. نالی و حاجی قادر هەر خزمی مالی خادم السجادە بوون، هەر بۆیە هەر فەقێیەک لەوێی خوێندبا، نالی و حاجی قادریان فەرز دەکردە سەری، وەکو دەرسی قورئانیٛ بە فەقێیانیان دەخوێند، بەڵام ئەو زەختە له مزگەوتەکانی دیدا نەبوون)) (کرمانج، ٢٠٢١، ٦٧).

دیارە مەبەستی بەرودوای ئێمە لەم باسوخواسەدا تیشک خستنە سەر لایەنێکی ئەم بنەماڵە و ئەم کەسایەتییانەیە، ئەویش پەیوەندی و خزمایەتی نێوانیان، وەک لە ناونیشانی باسەکەدا هاتووە. کە ئەمەش چەمکێکی بچووکە له پایە و مەقامی زانستی و ئایینی و تەنانەت ئەدەبی و ڕووناکبیریشیان، کەوا هەم له کوردستان و عیراق و هەم له وڵاتانی دەوروبەریشدا دەنگی داوەتەوە. حاجی نەمر گوتوویەتی:

**هەروەکو شارانی تر کەس ئاشنای کۆییٛ نەبوو**

**شوهرەتی ئەبیاتی من خەڵکی لەسەر کۆکردەوە**

بەڵام کۆیە لەسەردەمی بنەماڵەی خادم السجادە و بەتایبەتیش مەلا سەعد دا ڕۆژگارێکی زێڕینی تێپەڕاندووە. ئێمە لەسەر زاری کەسانی وەک مامۆستای مودەڕیس و شێخ محەمەدی خاڵ و تاهیر تۆفیقدا دەگێڕینەوە کە گوتویانە کۆیە لەسەردەمی مەلا سەعدی خادم السجادەدا شوێنی زانکۆی ئەزهەری له کوردستان گرتبووەوە، یان چۆن تاهیر تۆفیق دەڵێت: ((ئەو عائیلە و بنەماڵەیە کۆڵەگەی حەزارەتی کوردین، هەر هەموویان لە باب و باپیران عەللامە و زانا و موفەکیر بووینە، حاجی قادر و نالی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەوانە بووینە، بڕۆ تەحقیقیان لەسەر بکە دەزانی ئەوانە کێنە!)) (کرمانج، ٢٠٢١، ٦٩)

مەلا سەعد شاعیریکی گەورەی عەسری خۆیشی بووە، بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی و کوردی شیعری نووسیوە، بەڵام مخابن هەم کتێبخانە و هەم بەشێکی زۆر له کتێب و دانراو و شوێنەوارەکانی ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ ڕووداوەکانی زەمانەدا لەناوچوون و فەوتاون، کە ئەویش چیرۆکێکی تراژیدی خۆی هەیە. (غەمبار، ٢٠٢١، ٧٢). تا ئەوەی دەگوترێت دیوانی دەسخەتی نالی و حاجی و شاعیرانی تریش له کتێبخانەکەی ئەو بنەماڵەیەدا هەبوون. چاپی یەکەمی دیوانی حاجی قادر، کەوا لەساڵی (١٩٢٥ز) داو لەلایەن عەبدوڕەحمان سەعیدەوە بە ناونیشانی (کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی) لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە لەسەر ئەو دیوانە دەستخەتە ئامادەکراوە کەوا له کتێبخانەی بنەماڵەی خادم السجادە دا هەبووە.

**شیعریش وەکو بەڵگەنامە قسەی خۆی دەکات:**

شیعر و مێژوو دوو ژانری جیاوازن، بەهۆی زاڵبوونی ڕەگەزی ئەندێشە و خەیاڵ له شیعردا زۆر کەڕەت لە واقیع و لە ڕاستی زۆر دوور دەکەوێتەوە. بەڵام ئەمە ڕێگر نابێت لەبەردەم ئەوەی کەوا تێکستی ئەدەبیش، بەتایبەتیش تێکستی شیعری وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی سودی لێ وەربگیرێت و لە خزمەت لیکۆڵینەوەی زانستی مێژوودا بێت. بەو هۆیەی بەشێک لە ڕاستییەکان و ڕووداوەکانی تیادا رەنگ دەدەنەوە. حاجی لە ئاست گەورەیی و شانوشەوکەتی مەلا سەعدی خادم السجادە دا گوتوویەتی:

**ئەی عوتارید لە دەرت خادیمی سەججادە بە شان**

**وەی لە کۆیی فوسەحادا قەڵەمت سنجقەشان**

**حاجی، قادر نییە بەیتێکی وەکو ئێوە بڵێ**

**ئەسپی کۆن زەحمەتە دەرچێ لەگەڵ ئاهوڕەوشان** (میران شارەزا، ١٩٨٦، ٦٧)

عوتاریدا ئەو ئەستێرە بچووک و ڕووناکەی دەوری خۆرە کەوا بە بەڕێوەبەری گەردوون دەناسرێت و لە ئەفسانەکاندا رەمزی ژیری و داناییە. حاجی دەڵی؛ عوتارید بە هەموو دانایی و ژیری و شانوشەوکەتییەوە، وەکو خزمەتکارێک لە دەرگای تۆوە وەستاوە، تۆیەک کەوا بەرماڵ لە کۆڵی حەزرەتی پێغەمبەری (د.خ). ئەوە قەڵەمی ئێوەیە لە کۆڕی دانایان و ڕەوانگویاندا لە چەشنی ئاڵا دەدرەوشێتەوە. بێ شک لە توانای کەسێکی وەکو حاجیدا نییە، تاقە بەیتێکی وەکو ئێوە بڵێت، ئاخر ئەسپی پیرۆنە و بە ساڵاچوو، لە ڕەوت و ڕۆیین و بەزیندا کوا لەگەڵ ئاسک ئاساکاندا دەردەچێت. مەلا ڕەئوف خادم السجادە لە پارچەیەکی چەند دیریدا کۆبەندی هەموو سەرە داوەکانی هێناوەتەوە و بەیەکەوەی گرێداونەتەوە. بەم کارە زۆربەی کێشە و بیر و بۆچوونەکانی یەکلاکردۆتەوە. ئەم چەند دێرەی مەلا ڕەئووف بۆتە ئاوێنەیەکی باڵانما و هەموو ئەو ڕاستیانە لەخۆ دەگرێت کە لەم وتارەدا گەنگەشەمان لەبارەیانەوە کردووە؛

**لە جوابی مەلەکدا دەڵێم، من عەبدێکی کورد زوبانم**

**هەزار هێندەم لێڕابخوڕن، غەیری ئەوە هیچ نازانم**

**تەوەلودم لە کۆیە بووە، کوردستانە مەفتەنی من**

**پیر میکائیل جەددی منە و دەڵێن لە ئاڵی عوسمانم**

**عەللامە سەعدی باپیرم، بنعامی حاجی نالی بوو**

**هەم کیژی خۆیشی پێی دابوو، هەر ئەوەندەی لێ دەزانم**

**مەولانا خالید قەدەمێک لە نالی دوورتر بوو لێمان**

**خزمایەتی حاجی قادر، لە دایکم خاڵە و خاڵوانم**

**پوورزای مەحمودی باوکمە و هەم دوو قەندیلەی کۆییانم**

**ئامۆزای باوکی زەهوەیە، هاو حەیات نووری چاوانم**

**(ڕەئووف) یکم عەبدی خودا و خزمەتچی قاپی کۆیەمە**

**هەروەکو باوکیشم فەرمووی، کۆیە نەسەبە و عینوانم**

(غەمبار، ٢٠٢١، ١٧٨)

دیارە نالیش لەو بەهرە و خەلاتەی ماڵی خادم السجادە بێبەش نەبووە، بەڵکو لە هەمووان زیاتری پێ براوە، بۆیە زمانی حاڵی تەعزیم و سوپاسگوزاری بە پارچەیەک بە ناونیشانی (ئەی شاهی من، ئەی خادیمی سوجادە) هاتۆتە گۆ و ئەگەر خوا یار بێت و تەمەن باقی بێت، لە پاڵ زۆرشتی تازەدا چاومان بەو تێکستە شیعرییە نایابەش ڕووناک دەبێتەوە. (٤)

ڕەنگە لێرەدا بەو خاڵە گەیشتبینەوە کەوا لە سەرەتادا وەکو گریمانە هێنامانەوە و دەستمان پێکرد و پوختەکەی ئەوەبو؛ کە مێژوو لە کۆن و لە تازە دا نەک هەر غەدری لەم بنەماڵەیە کردووە!، بەڵکو وەک بڵێی بە دەستی ئەنقەست پەردەیەکی تاریک بە ڕوویاندا دادراوەتەوە و لە ئاست پێشینە و مێژووی پڕشنگداریان بێ دەنگی هەڵبژێردراوە.

خودا خێری برای ڕووناکبیر و ماندوویی نەناس (عەبدوڵڵا زەنگەنە) بنووسێت، کەوا بە چاپ و بڵاوکردنەوەی (دیوانی زەینەب خان) پووڕەی هەنگ و زەردەواڵەی لە ناوەندی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا و ڕووژاند و هەرایەکی بەرپاکرد بە خێری زانست و لێکۆڵینەوەی مێژووی گەڕاوەتەوە و تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامە. (عوبێد، ٢٠٢١، ١٣).

## پەراوێزەکان:

١ـ مامۆستا و زانای مێژوونووس، پ.د. زرار سدیق تۆفیق، بابەتێکی لەمەڕ باپیران و ڕێ و ڕەچەڵەکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی نووسیوە و تیایدا ڕووناکی خستۆتە سەر ژیان و سەردەمی پیرمیکائیل و باب و باپیرانی. بەپێی ئەو زانیاریانەی د. زرار لەسەرچاوەکانی بەردەستیدا هەڵیهێنجاوە پیرمیکائیل لەسەرەتای سەدەی چواردە دا ژیاوە، ئەویش بەمجۆرە: ((ساڵی ٧١٠ک/ ١٣١٠ز چووەتە بەغدا و سەردان و هاتوچۆی مێژوونووسی شارەزا لە ئەنساب و بەرەبابەکان (ابن الفوطی)ی کردووە، ئەویش شەجەرەی بنەماڵەکەی بۆ نووسیوەتەوە و عوسمانی بوونی بۆ سەلماندووە و بە کورتی لە سەرخۆی و باوکی دواوە و هەردووکیانی بە پیری چیاکان (شیخ الجبال) وەسفکردووە)).

بەم پێیە بێت ماوەی ژیانی نێوان پیرمیکائیل و مەلا ئەبوبەکر (١٥٣٣ بۆ ١٦٠٥ز) زیاتر لە دوو سەدە دەبێت. واتە سەردەم و مێژووی ئەو ڕووداوەی کەوا لە وتارەکەی د. زرار دا ئاماژەی بۆکراوە، لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا یەک ناگرێتەوە کە هەردوو زانای پایەدار؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و شێخ محەمەدی خاڵ هێناویانەتەوە، بەوەی کەوا ئەم دوو زاتە پیرمیکائیل و مەلا ئەبوبەکر موسەنیف هاوچەرخی بوون و لەسەدەی (١٦ز) دا ژیاون. تەنانەت پەیوەندی زاوا و خەزورایەتی لە نێوانیاندا هەبووە. زیاد لەوەش مامۆستای مودەڕیس، باسێک لەمەڕ کوڕەکانیانیشیان دادەمەزرێنیت و دەڵێت: بە گوێرەی هەندێ نامە و دەستنووسی مێژوویی کە دیومن و خوێندوومنەوە نووسراوە: کە مەلا یوسف جان لە چۆڕەوە چووە بۆ لای شێخ سەعدەدینی خاڵۆی (کوڕی بچووکی پیرمیکائیل) و بەیەکەوە چوون بۆ تورکیا و پاش ماوەیەک گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان کە ناحیەی تاوگۆزیە و لەوێدا کۆچی دواییان کردووە و گۆڕی هەردوکیان لای یەکدایە. لێرەدا پێویستە بگوترێت، تاوەکو ئێستا سەرچاوەی زۆر و زانیاری ورد و دروست لە مەڕ مێژووی لە دایکبوون و ژیان و مردنی پیرمیکائیل لەبەردەستدا نییە، بەو هیوایەی لە ئایندەدا دەروازەی تازە لەبەردەم ئەم مەسەلانەدا بخرێتە سەر پشت. چونکێ وەکو لە بەشێک لە وتارەکەی د. زراردا بە دیار دەکەوێت، ژیان و بەسەرهاتی ئەم زاتە، واتە پیرمیکائیلی دەودانی، بەهۆی لایەتی ئایینی و پیرۆزییەکەیەوە تێکەڵ بە خوڕافات و ئەفسانەش بووە. بگەڕێوە بۆ:

ـ تۆفیق، ٢٠٢١، ٢٠٩.

ـ مدرس، ١٩٨٤، ٦٠٥ ـ ٦٠٧.

٢ـ تاوەکو ئێستا بە وردی مێژووی کۆچکردنی ئەم بنەماڵەیە و جێگیربوونیان لە شاری کۆیە، هەروەها لە ڕۆژگار و سەردەم و لەسەر خواست و فرمانی کام میر و پاشای بابانەکاندا بووە بە دروستی نازانرێت. ئەوەندە هەیە مەلا سەعد خۆی لە (١١٥٠ک/ ١٧٣٧ز) لە کۆیە لە دایکبووە و ژیاوە. ئەنجا بەپێی مامۆستای مودەریس، دوای ئەوەی سەتو دە ساڵی تەمەن کردووە، هەر لە کۆیە و لە ساڵی (١٢٦٠ک/ ١٨٤٤ز) کۆچی دوایی کردووە. لەسەرچاوەی دیکەدا هاتووە کەوا لە ساڵی (١٧٣٣ز) هاتۆتە دونیا و لە ساڵی (١٨٥٧ز) دا مردووە. دیارە جیاوازی لە هاوتاکردنی ساڵی کۆچی لەگەڵ زایینی دەوری هەبووە لە خەملاندنی تەمەنی مەلا سەعد دا. بگەڕێوە بۆ:

ـ مدرس، ١٩٨٤، ٦٠٧ ـ ٦٠٨.

ـ موفتی، ٢٠٢١، ١٣٣.


ـ جاف، ٢٠٢٣، ب٤، ١٢٨.

٣ـ لە ڕۆمانی (شازادە و شاعیر)ی بەڕێز (خوسرەو جاف)دا باس لە ژیان و سەربردەی نالی دەکرێت. لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا باسێک لە مەڕ بنەچە و ژیانی کۆمەڵایەتی نالی هاتۆتە گۆڕێ، هەروەها گۆیا چەند پشتێکیش لە ڕەچەڵەک  و باوک و باپیرانی نالی بە هاوکاری خزم نەوەکانی بنەماڵەی نالی، ساغکراوەتەوە کە بەم جۆرە هاتووە:

مەلا خدر (نالی) کوڕی ئەحمەد، کوڕی شاوەیسی کوڕی قەرەوەیسی کوڕی علی بەگی جاف.

هەروەها بەڕێز سەلاح سالار لە وتارێکدا کەوا لە ژمارە (٣٤)ی گۆڤاری (خاڵ)دا بڵاوکراوەتەوە. بە پشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەکی زارەکی و نووسینی فەیسبووک بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە مەولانا خالید و نالیش بن ئامۆزا یاخود ئامۆزازای یەکترین. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەیشی سەرجەلەیەکی هاوبەشیشی بۆ نالی و بۆ مەولانا هێناوەتەوە. لێرەدا نەخشەی ئەو سەرچەلەیەی کاک سەلاح لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێداوە، لە تەک ئەو سەرجەلەیەی کەوا ئێمە بەپێی بەڵگە و سەرچاوە تۆمارکراوە موعتەبەرەکان پەیمان پێ بردووە، دەخەینەڕوو لەگەڵ بەراورد و سەرەنج و تێبینییەکان لەوبارەوە.

**ژمارە (١) ستوونی خشتە وسەرچەلەی سەرچاوەکانە و ژمارەی (٢) ستوونی خشتە و سەرچەلەی وتارەکەی گۆڤاری خاڵە:**




**سەرچاوە**

ـ تاریخ السجادة النبوية

ـ بنەماڵەی زانیاران

ـ گەنجینەیەکی شاراوە

**سەرچاوە**

ـ ڕۆمانی شازادە و شاعیر

ـ گۆڤاری خال

أ- تێبینی دەکرێت لە ستوونی خشتەی (١) دا نەوەی سێیەم (شاوەیس و حوسەین) ئامۆزان و هەردوولایان کوڕەکانیان ناوناوە ئەحمەد، ئەوە ڕێی تێدەچێت ئەگەرچی زۆر زۆریش ئاسایی نییە، کەچی لە ستوونی خشتەی ژمارە (٢) دا نەوەی سێیەم (شاوەیس و حوسەین) بران، هەردوولاشیان کوڕەکانیان ئەحمەدی ناوە!، ئایا ئەمە شتێکی ئاساییە؟ دوو برا کوڕەکانیان بە هەمان ناوەوە ناو بندرێن!.

ب ـ لە نەوەی چوارەمەوە تاوەکو هەشتەم لە هەردوو ستوونەکەدا نەوەکان دەبوایە یەکتر بگرنەوە کەچی لێرەدا بە هیچ جۆرێک یەکتر ناخوێننەوە.

ج ـ زنجیرەی نەوەکان لە ستوونی یەکەمدا بە گوێرەی چاوگ و سەرچاوەکان هاتووە، زنجیرەی نەوەکان لە ستوونی دووەمدا بە شێوەی دەماودەم وەرگیراوە.

د- کێشە لە ستوونی یەکەم لەوەدایە ناوی باوکی باپیری مەولانا، واتا پشتی چوارەمی، دیارنییە!. (شتێکی زۆر سەیرە ڕەنگە بە هەرچوار زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی زیاد لە پەنجا کتێب لە بارەی مەولاناوە نووسرابن، کەچی لە هیچ کامێکیان پێنج پشتی مەولانا ساغ نەکراوەتەوە!).

٤- هاوڕێمان د. هێمن عومەر خۆشناو نالی ناسی ورد و تێکۆشەر، زانیاری تازە و نوێی لەو بارەوە لەبەر دەستە و ئەو تێکستە شیعرییەی نالیشی لە ئەرشیفخانەکانی ئەستەمبوڵ بە دەستهێناوە، بەو هیوایەی بەم زوانە چاوی تامەزرۆیانی ئەو بوارەی پێ ڕۆشن بکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**


١. **تۆفیق، د. زرار سدیق**، ٢٠٢١، لەبارەی مێژوو و کولتووری کوردییەوە، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

٢. **جاف، خالید عەلی**، ٢٠٢٣، لە زاری بەڵگەنامەکانەوە، ب٤، (هێشتا نەچۆتە ژێر چاپەوە).

٣. **حەسەن، د. مەولود ئیبراهیم**، ٢٠١٢، ئایا ... حاجی قادری کۆیی نالی شارەزووری دیوە؟ لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٣)، هەولێر.

٤. **خادم السجاده**، علي، ١٩٣٧، تاريخ السجاده النبويه، طبعت بمطبعه ال حداد بالموصل.

٥. **سالار، سەلاح**، ٢٠٢١، هێندێ زانیاریی نوێ سەبارەت بە نالی، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (٣٤)، سلێمانی.

٦. **سەید برایم، ڕەهبەر**، گەنجینەیەکی شاراوە (مەلا ڕەئووف خادم سووجادە)، ٢٠٢٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧. **عەلائەددین، عەبدولخالق**، ٢٠١٩، دڵدار، بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێری کورد، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٨. **عوبێد، د.ئازاد**، ٢٠٢١، دیسان کچە کورد، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٦١٨٦)، هەولێر.

٩. **غەمبار، د. کەمال**، ٢٠٢١، دیوانی ڕەئووف، چاپخانەی فێربوون، هەولێر.

١٠. **فەتاح بەگی جاف، کەریم بەگی**، ١٩٩٥، تەئریخی جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی ؟، بەغدا.

١١. **القرداغي، محمد علي**، ٢٠٠٧، هوية كركوك الثقافية و الادارية، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربيل.

١٢. **کرمانج، تاهیر**، ٢٠٢١، دیدارێکی زێڕین و مێژوویی لەگەل هونەرمەندی گەل مامۆستا (تاهیر تۆفیق)، گۆڤاری (کەکۆن)، ژمارە (٦٥)، کۆیە.

١٣. **مدرس، مەلا عبدالکریمی**، ١٩٧٩، یادی مەردان، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.

١٤. **مدرس، مەلا عبدالکریمی**، ١٩٨٤، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغدا.

١٥- **موفتی، عوسمان ڕەشاد**، ٢٠٢١، زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١٦- **میران، سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا**، ١٩٨٦، دیوانی حاجی قادر کۆیی، ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

## پاشکۆ:

### سەرجەلە نامەی دەستاودەستکردنی بەرماڵی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) :

١- عوسمانی کوڕی عەفان

(لە ٦٥٦ز کۆچی دوایی کردووە)

٢- ئەبان

٣- ابی عبدالله الخفیف

٤- حمدون

٥- طاهر

٦- داود

٧- اخ بابا

٨- حمید

٩- علاء الدولة

١٠- شجاع الدین

١١- حبیب

١٢- افصل

١٣- محمد

١٤- اویس

١٥- عبدالقاسم

١٦- عبدالباقی

١٧- عبدالقاسم

١٨- ولید

١٩- عبدالرحمان

٢٠- محمد

٢١- اسماعیل

٢٢- علی

٢٣- پیرمکائیل

٢٤- ابراهیم

٢٥- ابی بکر

٢٦- سعدالدین

٢٧- منصور

٢٨- ابراهیم

٢٩- محمد

٣٠- اسماعیل

٣١- حسن

٣٢- آصف

٣٣- خضر

٣٤- الشێخ محمد خادم السجادة

٣٥- الحاج محمد

٣٦- الحاج امین

٣٧- محمد رفیق

٣٨- علی رفیق

٣٩- نیهاد

## چەند سەرنج وتێبینی لە بارەی خشتە و زنجیرەی ئەم سەرجەلە نامەیەوە:

١ـ لەسەرەتا و دەستپێکی زنجیرەکەوە، واتە لە حەزرەتی عوسمان کوڕی عەفانەوە تا دەگات بە نەوەی ژمارە (١٧) (عەبدولقاسمی دووەم، کە لە ساڵی ٩٩٤ک/ ١٥٨٥ز) کۆچی دوایی کردووە، مەلا ئەبوبەکری موسەنیف هێناویەتی و لە سیپارەیەکدا زنجیرەکە تۆمارکراوە بە ناوی (صحيفة ابي بكر). ناوبراو لە کۆتایی سیپارەکەیدا نووسیویەتی؛ ئەم سیپارەیە بە یارمەتی یەزدانی مەزن تەواو بوو، ئەوەی تیایدا هاتووە متمانەی پێ بکە، چونکی لە لایەنی بەندەوە سەلمێندراوە و ڕاستودروستە. منی داماو ئەبوبەکری کوڕی هیدایەتوڵڵای حوسەینی، خودا لە من و لە هەموو موسوڵمانان خۆش بێت، ئامین سوپاس و ستایش بۆ یەزدانی مەزن.

مۆر

شانازی ئەم زنجیرەیەم

لە شاهی ویلایەتەوە بۆ ماوەتەوە

بە پشت بەستن بە خودا لە لایەن

ئەبوبەکری هیدایەتەوە.

هەروەها لە وتارەکەی د. زراریشدا، وەکو لە پەراوێزی ژمارە (١)دا ئاماژەی بۆ کراوە، جارێکی دیکە لە سەردەمی پیرمیکائیلی دەودانیدا (سەدەی چواردەی زایینی) ڕاستی و دروستی ئەم سەرچەلەنامەیە سەلمێندراوەتەوە. پێویستە پەنجە بۆ ئەو مەسەلەیەش ڕابکێشرێت کەوا ئەم زنجیریەی لێرەدا تۆمارکراوە لە نەوەکانی ژمارە (٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤)دا لەگەڵ ئەوەی لە وتارەکەی پ.د. زراردا هاتووە جیاوازی هەیە.

٢ـ ئەم زنجیرەیە لە دوو سەرچاوەدا هاتووە، یەکیان نامیلکەکەی (عەلی ڕەفیقە فەندی) یە بە ناونیشانی (تاريخ السجادة النبوية) وەک لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. دووەمیان کتێبی (بنەماڵەی زانیاران) لە نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. پێ دەچێت سەرچاوەی مامۆستا مودەڕیسیش هەر نامیلکەکەی عەلی ڕەفیقە فەندی بێت، هەروەها دەڵێ بەخۆم چاوم بەو سەنەد بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانە کەوتووە کە بنەڕەت و دەستاودەستکردنی بەرماڵەکە دەسەلمێنیت.

٣ـ مەرج نییە هەموو جار بەرماڵەکە بەپێی زنجیرەکە پشتاوپشت دەستا و دەستی کردبێت، واتە وەنەبێ هەمیشە لە باوکەوە بۆ کوڕ و نەوە هاتبێت. وا هەیە لە برای گەورەوە گوێزراوەتەوە بۆ برای بچووک و ئەنجا گوێزراوەتەوە بۆ کوڕی یەکێکیان، بۆ نموونە: ئەوانەی لە ژمارەکانی (٢٤، ٢٥، ٢٦)دا ناویان هاتووە، واتە (ئیبراهیم و ئەبی بەکر و سەعدەدین) هەسێکیان برابوون و کوڕانی پیرمیکائیل بوون، بەرماڵەکە یەک بە دوای یەکدا کەوتۆتە لایان، ئینجا گەیوەتە ژمارە (٢٧. مەنسوور)ی نەوەی پیرمیکائیل.